SOS RASISME

**Kurdiske grupper**

PB 9427 Grønland, 0135 Oslo
Besøksadresse: Brugata 14, 0186 Oslo
Tlf : 23 00 29 13 Faks: 23 00 29 01
Mob: 45475186
www.sos-rasisme.no

Oslo,30.juni.2006

# کۆبونەوەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە گەڵ پارتی چەپی سوسیالیست SV لە نەرویج

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 28 ی مانگی یونی 2006 ی زایینی، هەندێک لە ڕێکخراوە کوردستانییەکانی نۆرویژ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان لە گەڵ پارتی سۆسیالیستی چەپ SV لە بارەگای سەرەکی SV پێک هێنا، ئەم کۆبوونەوەیە لە لایان گروپی کوردی ڕێکخراوی دژی ڕەگەز پەرەستی SOS-Rassime ئامادەکاری بۆ کرابوو و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوی کوردیستانی بەشداریان تێدا کرد.

لەبەشی یەکەمی کۆبونەوەکەدا گروپی کوردی ڕێکخراوی دژی ڕەگەز پەرەستی و ڕێکخراوی ماڵی ڕوناکبیری سەلام لەکوردستان/ بەشی نەرویج لەگەڵ نوێنەرانی پارتی چەپی سوسیالیست کۆبونەوە ، بە ئامادەبوونی هەریەک لەبەڕێزان : ( ڕەزا ڕەزایی ) بەرپرسی بەشی نێونەتەوەیی و ئەندامی ئەنجوومەنی شاری ئۆسلۆ، کۆمەڵناس و چالاکی بواری پەنابەری و( کنوت شێلدستادلی ) یەکێ لە بەرپرسانی بەشی نێونەتەوەیی، بەشی یەکسانی کەمایەتییەکان و یەکێ لە سیاسەتگوزاران و ئایدۆلۆژی پارتی سۆسیالیستی چەپSV، هەروەها مامۆستای زانکۆ لە ئۆسلۆ، پرۆفیسۆری بەشی فەلسەفە و مێژووناسی نوێ، نووسەرو لێکۆڵەری ناوداری نۆرویژ .

سەرەتا لە لایان ( ئیدریس سابیر ) بەرپرسی گروپی کوردی ڕێکخراوی دژی ڕەگەز پەرەستی . سوپاسی پارتی چەپی سوسیالیستی نەرویجی کرد بۆ پشتگیری لەمافی پەنابەرێتی کوردستانیانی وولاتی نەرویج بەتایبەت گروپی ( MUF ) ەکان و هەروەها هەڵوێستی ئاشکرای پارتەکەیان بۆ ئازادیی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کوردستان ، لەکۆتایی‌دا دەربارەی ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکەیان دووا و داوای پشتگیری زیاتری بۆ کوردستانیانی دانیشوی وولاتی نەرویج و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان کرد .

پاشان لە لایەن ( باقی تالیب ئەلعیلم ) بەرپرسی بەشی پەنابەران لەگروپی کوردی، باسی ڕەوشی پەنابەرانی هەرچوارپارچەی کوردستان لە وولاتی نەرویج کرد و داوای پشتگیری پارتی چەپی سوسیالیستی نەرویجی کرد بۆ پەسەندکردنی داوای پەناهەندەیی و باشکردنی باری ژیانیان .

دواتر ( ئاری ناکام ) بەرپرسی بەشی خوێندکاران لە گروپی کوردی ، بەکورتی باسی لە ساڵیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج بۆ ساڵی 2006 کە لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی گروپی کوردی ڕێکخراوی دژی ڕەگەز پەرەستی و ڕێکخراوی ماڵی ڕوناکبیری سەلام لەکوردستان/ بەشی نەرویج و هەندێک کەسایەتی سەربەخۆ سازکراو ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش کرد، هەروەها دەربارەی ( کەمپینی بەرەو بەجیهانی کردنی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج ) ، کە لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی ناوبراوەوە دامەزراوە ، بۆ ئەم مەبەستە داوای پشتگیری پارتی چەپی سوسیالیستی نەرویج کرد و ئاماژەی بەیاداشتنامەی ڕێپێوانی 16 ی مارس کرد کە بۆ هەمان مەبەست پێشکەش بە پەرلەمانی نەرویج کراوە.

پاشان هەریەک لە ( جەبار هەورامی ) وەک نوێنەری خەڵکی هەڵەبجە و ( بێستون گەرمیانی ) وەک نوێنەری ئەنفال ، دەربارەی ئەو دوو کارەساتە بەکورتی دووان و پشتگیریان بۆ داواکاری( کەمپینی بەرەو بەجیهانی کردنی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج ) دووپاتکردەوە .

لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا خاتوو ( دڵکەشی مام عومەر ) بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی ماڵی ڕوناکبیری سەلام لەکوردستان/ بەشی نەرویج ، دەربارەی کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەیان دوا و داوای پشتگیری پارتی چەپی سوسیالیستی نەرویج کرد بۆ کردنەوەی کتێبخانەی کوردی ، وەک پرۆژەیەکی گرنگ ، ڕێکخراوەکەیان کاری بۆ دەکات .

لەکۆتاییدا هەریەک لە بەڕێزان ( کنوت شێلدستادلی ) و( ڕەزا ڕەزایی ) ، سەرنج و تێڕوانینی پارتی چەپی سوسیالیستیان لەسەر بابەتەکان ڕونکردەوە و بەڵێنی دا بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواچوونی داواکارییەکان و

دەربارەی ( کەمپینی بەرەو بەجیهانی کردنی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە وولاتی نەرویج ) ،
داوای زانیاری و بەڵگەنامەی سەبارەت بەو دوو کارەساتە لەئامادەبووان کرد .

لەبەشی دووەمی کۆبوونەوەکەدا ، ( سەعدی کۆیی ) بەرپرسی گروپی کوردی لە ئۆسلۆ پێشوازی لە نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان کرد و کۆبوونەوەکە لەلایەن ( ئیدریس سابیر ) بەڕێوەچوو . پاش بەخێرهاتنی ئامادەبووان ،ڕوونیکردەوە ئەم کۆبوونەوەیە ، سەرەتای زنجیرەیەک کۆبونەوە دەبێت لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە نەرویجییەکان بە مەبەستی گەیاندنی داخوازییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی لەوولاتی نەرویج و زیاتر ناساندنی دۆزی گەلەکەمان و ئەم کۆبونەوانە دەکرێن کاریگەریان هەبێت بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵات لە وولاتەدا .
پاشان لە لایەن ( باقی تالیب ئەلعیلم ) باسێکی کورت بۆ ناساندنی مێژووی پارتی سۆسیالیستی چەپ SV و پشتگیری ئەم پارتە لە داخوازیەکانی گەلی کورد پێشکەش کرد و هەریەک لە ( ڕەزای ڕەزایی ) و ( کنوت شێلدستادلی ) بەئامادەبووان ناساند .
پارتی سۆسیالیستی چەپSV لە ساڵی 1975 زایینی دامەزراوە، پێشتر لە ژێر ناوی پارتی گەلی سۆسیالیستی SF لە ساڵی 1961 ی زایینی دوای جیابوونەوە لە پارتی کاری نۆروێژ چالاکی خۆی دەست پێ کرد، هەر ئێستا لە گەڵ پارتی کار و پارتی ناوەند بەشداری بەڕێوەبردنی حوکمەت ئەکەن، بە وەزیری ئابووری و جێگری سەرۆک وەزیر، وەزیری ژینگە، وەزیری ئاوەدانی و وەزیری گەشەی نێونەتەوەیی. ئەم پارتە 23 کورسی لە پارلەمانی نۆروێژی بەدەستەوە هەیە و خاوەنی 5 وەزیر لە حکومەتی سەوز و سوردا .
بەڕێزان ( کنوت شێلدستادلی ) و( ڕەزا ڕەزایی ) باسێکیان سەبارەت بە مێژوو،ئامانج و ئەرک و چالاکی پارتی سۆسیالیستی چەپSV لە نەرویج و بەتایبەت پێوەندی لە گەل گەلی کوردستان پێشکەش کرد.
لەپاشان نوێنەرانی هەریەک لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان ، کۆمەڵێک پرسیار و پرۆژەی بەنرخیان پێشکەش کرد ، هەروەها بۆ ئەنجامدان و سەرکەوتنی کارەکان، داوایان لە پارتی چەپی سوسیالیستی نەرویج کرد . پشتتگیریان بکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانیان .
بەشداربووانی بەشی دووەمی کۆبوونەوەکە ، بریتی بوون لە :

- کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان لەنەرویج .
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان/ نەرویج .
- ڕێکخراوی کۆمەک لە نەرویج .
- ناوەندی چاک لە نەرویج .
- نوێنەری هەڵبژاردەی ژنانی ڕێکخراوی ئەنجوومەنی نۆروێژی پارێزگاری لە مافی گەلی کورد RKR،
- ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان / ناوەندی نەرویج .
- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان .
- ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە .
- ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە .
- یەکێتی ژنانی کوردستان .

هەروەها هەریەک لە بەڕێزان : ( ئاسۆ محەمەد کوردستانی ) پەیامنێری کوردسات و ( یونس حەمە ) پەیامنێری کوردستان تیڤی و ( شوان حەمە ) پەیامنێری هەفتەنامەی ئاوێنە ، بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون .

بەشێک لە وەڵامی بەڕێزان ( کنوت شێلدستادلی ) و( ڕەزا ڕەزایی ) ، ئاماژەیان بە چالاکی لە بواری پەنابەرانی کوردی نیشتەجێی نۆروێژ و پەنابەرانی ئەلتاش کرد و ووتیان : پارتی سۆسیالیستی چەپ لە پارلەمان داوای زیات کردنی ڕێژەی بەشی پەنابەری کردوە لەدەوڵەتی پێشوو ڕێژەی بەشی پەنابەری نۆروێژ 1500 کەس دیاری کرابوو، بەڵام هەر تەنیا 800- 750 وەکو پەنابەرانی سیاسی نۆروێژ لە ڕێکخراوی پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگیران، پارتی سۆسیالیستی چەپ داوای وەرگرتنی 3000 پەنابەر بۆ نۆروێژ دەکات، ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین

که دەبێ پەنابەری بدرێ بە ئەو کەسانەی پێویستیان بە پارێزگاری هەیە و ئەو کەسانەی بە هۆی جۆراوجۆر گیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە. سەبارەت بە دەستوری کۆردستانی باشور ،بە باشترین دەستوریان لەقەڵەم دا لە ناوچەکەدا، هەرچەندە بێ کەم و کورِیش نییە، دەبێ هەوڵ بدەین جێبەجێکردنی دەستور ، سەرکەوتوو بێت .( هەڵەبجە) کومەڵکوژی بوو، بەڵام سەبارەت بە ( ئەنفال ) زانیاریمان کەمە، ئێمە دژی بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی چەکی ناوکین، هیچ کام لە وڵاتانی دنیا بۆیان نییە ئەم چەکە ماڵوێنرانکەرەیان هەبێ. پشتیوانی لە کاروباری کولتووری و پێکهێنانی ڕادیوی کوردی لە ئۆسلۆ دەکەین، لە شاری بێرگێن دوهەمین شاری گەورەی نۆروێژ موزەخانەیەکی کوردی دادەمەزرێ، پشتیوانیش لە دامەزرانی کتێبخانەیەکی کوردی لە ئۆسلۆ دەکەین، سەبارەت بە مافی دەستووری ژنان و منالآنی کورد بڕیارنامەیەک لە لایان کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆسیالیستی چەپSV پەسند کراوە، ئەو ڕێکخراوانەی لە کوردستان پەیوەندیمان لە گەڵ دەگرن یارمەتیان دەکەین لە بواری بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانیان.
کێشە و ناکۆکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو شوێنێک زیاترە، بەڵام چۆن دەکرێ ئەم کێشانە چارەسەر بکەین، ئێمە پێمان وایە کوردستان کلیلی چارەسەری ناکۆکییە لە ناوچەکەدا ، ئێمە هەوڵ ئەدەین لە داهاتوودا کۆبوونەوەیەک لە ئاستی لاوان، ژنان، نێونەتەوەیی و پارلەمان بۆ ئەم ڕێکخراوانە پێک بێنین .
لە کۆتایدا داوایان لە نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردستانییەکان کرد، داخوازی و تێبینی و پرسیارەکانی خۆیان بەنوسراو ،ئاراستەی لێژنەی پارتی سۆسیالیستی چەپ بکەن .
شایەنی باسە کۆبوونەوەکە نزیکەی 3 کاژێری خایاند ..

ڕاگەیاندنی گروپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بەڕەگەزپەرستی لە نەرویج
ئۆسلۆ 2006 / 06 / 30

کۆمەڵێک لە وێنەکانی ئەم کۆبوونەوەیە:



















SOS Rasisme er Norges eneste landsdekkende, demokratiske medlemsorganisasjon som bare jobber mot rasisme . Vi har over 47 000 medlemmer og 100 lokallag over hele landet